# پانۆرامای دواین چالاکییەکانی

# کەمپینی نێونەتەوەیی بۆ لابردنی بەندی حەوتی دەستووری کوردستان

لەماوەی دە رۆژی ڕابردوودا و دوای تەسلیمکردنی لیستی ئەو واژۆیانەی کەمپین کۆیکردبوونەوە بەلیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی کەمپین چەندین چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە لەوانە پەیوەندیی کردن بەحیزب و لایەنە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە.

ئەوەی لێرە دەیخوێنینەوە هەندێك لەو چالاکییانەن.

-هۆزان مەحمود- رێکخەری کەمپین لەرۆژی 2007/3/29 بەشداریی لەدیمانەیەکی ڕادیۆی یەکی ئەمەریکادا کرد بەزمانی ئینگلیزیی دەربارەی کارەکانی کەمپین.

-رۆژانی 30-2007/3/31 هۆزان مەحمود بەشداریی کرد لە کۆنفرانسێکی دوو رۆژە لەسەر مەسەلەی جێندەر لەشاری لیل لە(فەرەنسا)، لەوێ هۆزان بەتێروتەسەلی باسی کارەکانی کەمپینی کردو چەندین دیمانەی سازدا لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

-ستیڤان شەمزینانی- وتەبێژی کەمپین لەرۆژی 2007/3/31 بەشداریی کرد لەدیمانەیەکی ڕادیۆی فەزایی کوردستان بەزمانی کوردیی لەمەڕ ئامانجەکانی کەمپین.

-رۆژی 2007/4/1 ستیڤان شەمزینانی بەنوێنەرایەتی کەمپین سەردانی کەنیسەی (ماریوسف)ی کرد و لەلایەن قەشەی کەنیسەوە بەگەرمی پێشوازیی لێکرا، لەکۆبوونەوەیەکدا کە دوو کاتژمێری خایاند قەشەی کەنیسەی ماریوسف وێڕای بەرز نرخاندنی کاری کەمپین، ڕایگەیاند کریستیانانی کوردستان تەنیا لە سایەی عەلمانیەتدا هەست بەئازادیی و دڵنیایی دەکەن.

-رۆژی 2007/4/2 سۆزان خاڵە شەهاب - ئەندامی کەمپین بەشداریی کرد لەبەرنامەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگی کوردستان کە تایبەت بوو بە بەندی حەوتی دەستوور.

-رۆژی 2007/4/3 سۆزان خاڵە شەهاب- بەشداریی کرد لەبەرنامەیەکی تایبەتی ڕادیۆی مەدەنیەت لەشاری سلێمانی کە تایبەت بوو بەکەمپین.

-هەر رۆژی 2007/4/3 سۆزان خاڵە شەهاب- بەشداریی کرد لەبەرنامەیەکی تایبەتی ڕادیۆی فەزایی زاگرۆس لەمەڕ کارەکانی کەمپین.

-رۆژی 2007/4/4 ستیڤان شەمزینانی بەشداریی کرد لەبەرنامەیەکی کراوەی ڕادیۆی ئازادیی و یەکسانی کە لەوێدا بەتێروتەسەلی باسی کارەکانی کەمپین کرا.

-رۆژی 2007/4/5 نادر عەبدولحەمید- ئەندامی کەمپین بەشداریی کرد لەدیمانەیەکی تایبەتی کەناڵی ئاسمانی کۆمەڵە (کۆمەڵە تیڤی) دەربارەی بەندی حەوتی دەستوور.

-شەوی 2007/4/6 هۆزان مەحمود بەشداریی کرد لە دیمانەیەکی تایبەتی کەناڵی رۆژ تیڤی بەزمانی کوردیی، لەبارەی لابردنی بەندی حەوتی دەستوور.

-رۆژی 2007/4/7 هەریەك لە (سۆزان خاڵە شەهاب- ستیڤان شەمزینانی) بەنوێنەرایەتی کەمپین سەردانی بەڕێز کاك (قادر عەزیز) سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان-یان کرد لە کۆبوونەوەیەکدا کە نزیکەی یەك کاتژمێری خایاند تیشك خرایە سەر مەسەلەی عەلمانیەت و کارەکانی کەمپین، بەڕێز قادر عەزیز

هاوپشتیوانی خۆی و حیزبی زەحمەتکێشانی بۆ کەمپین دەربڕی و ڕایگەیاند کە ئەوان لەڕووی ڕاگەیاندنەوە هەموو هاوکارییەکی کەمپین دەکەن و هەروەها لایەنگری دەستوورێکی عەلمانین لە کوردستاندا.

ڕۆژی 2007/4/8 کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی هەریەك لە(سۆزان خاڵە شەهاب– ستیڤان شەمزینانی) سەردانی بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانیان کردو لەوێ لەلایەن بەڕێزان (د. فایەق گوڵپی) سەرۆکی پارتی چارەسەری و (نەجیبە عومەر) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ژنان پێشوازییان لێکرا، لەکۆبوونەوەیەکدا کە کاتژمێرو نیوێکی خایاند، دکتۆر فایەق بەناوی خۆی و پارتەکەیانەوە هاوپشتیوانی بۆ کەمپین دەربڕی و ئامادەی بەوەکرد کە ئەوان وەك پارتی چارەسەری هەر لەسەرەتاوە دژی بەندی حەوت بوون، هەروەها پێداگریی لەوەکرد کە بەهەموو شێوەیەك ئامادەن هاوکاریی کەمپین بکەن لەکارو هەنگاوەکانی داهاتوویدا.

–هەر ڕۆژی 2007/4/8 کاتژمێر (2)ی نیوەڕۆ (ستیڤان شەمزینانی) بەنوێنەرایەتی کەمپین سەردانی پەیوەندییەکانی سازمانی کوردستان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)ی کرد لەشاری سلێمانی و لەوێ لەلایەن هاوڕێیان (حەسەن ڕەحمان پەنا) و (ئەحمەدی سالحی) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە پێشوازیی لێکرا، لەدیدارێکدا کە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند بیروڕا ئاڵوگۆڕکرا لەمەڕ عەلمانیەت و مەترسی ئیسلامیزەکردنی کوردستان، لای خۆیانەوە کۆمەڵە پشتیوانیان لە کاری کەمپین کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆخواست لەکارەکانی، لەهەمان کاتدا ئامادەییان نیشاندا هاوکاریی کارەکانی کەمپین بکەن بەتایبەتی لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە.

–هەر ڕۆژی 2007/4/8 کاتژمێر (3.5)ی دوانیوەڕۆ هەریەك لە (ستیڤان شەمزینانی – سۆزان خاڵە شەهاب) سەردانی کۆبوونەوەی (30) سی ڕێکخراوی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنیان کرد لە ئۆفیسی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت کە تایبەت بوو بۆ وەستانەوە دژی بڕیارو ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەدژی ژنان بەتایبەتی لەبواری ڕێگریی دروستکردن لەبەردەم سەفەری ژناندا.

لەومیانەیەشدا باسی کەمپینی لابردنی بەندی حەوت کراو داوا لەو ڕێکخراوانە کرا کە لەڕێی نامەوە هاوپشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین ڕابگەیەنن و داکۆکی لەخواستی عەلمانیەت بکەن.

–هەر ڕۆژی 2007/4/8 کاتژمێر (5.5) بەکاتی کوردستان (ستیڤان شەمزینانی) بەشداریی لەبەرنامەیەکی تایبەتی ڕادیۆی دیالۆگ (بەزمانی کوردیی) لەشاری یۆتوبۆری – سوێد – کرد کە تەرخانکرابوو بۆ قسەوباسکردن لەمەڕ کارەکانی کەمپین و دۆزی عەلمانیەت.

–ڕۆژی 2007/4/9 کاتژمێر (3)ی دوانیوەڕۆ (ستیڤان شەمزینانی) بەشداریی کرد لەبەرنامەیەکی تایبەتی ڕادیۆی بەیت ئەلنەهرەین کە بەزمانی سریانی بەرنامەکانی بلاٌو دەکاتەوە کە بەهەمان شێوە بەرنامەکە تەرخانکرابوو بۆ مەسەلەی عەلمانیەت و مەترسییەکانی جێگیرکردنی بەندی حەوت لەدەستووردا.

**ستیڤان شەمزینانی**

**وتەبێژی کەمپینی نێونەتەوەیی لابردنی بەندی**

**حەوتی دەستووری هەرێمی کوردستان**